# خۆپیشاندانەکان بەرئەنجامی زاوزێی گەندەڵییە

## ئابی 2006

خەتاب سابیر

ئەستەمە مرۆڤ فریای ریسواکردنی ئەم هەموو گەندەڵیی و ملهوڕییەی دەسەڵاتی کوردیی بکەوێ. چونکە ناکرێ بۆ هەر رووداوێک لەکوردستاندا رووبدات دەست بدەیتە واژۆکۆکردنەوە و نووسین و ئەژماردنی دەنگی بێزاریی خەڵک، هاوکات ناشکرێ لەسەر هەموو رووداوەکان فریای هەڵوێست دەربرین و سەرکۆنەکردن بکەویت، چونکە گەندەڵییەکانی سەرکردایەتی کورد زۆر بەخێرایی زاوزێ دەکەن.

ئەوەی لەچەند رۆژ و چەند هەفتەی پێشوودا لەکوردستان روویدا، بەردیش دەهێنێتە گۆ، کاتێک پیاوانی پۆلیس و ئاسایش بەچەکی سووک! و بەدیموکراسیی مۆدێرنەوە پەلاماری خەڵکی سیڤیل و گەنجانی خێرلەخۆنەدیوی کوردستان بەگشتیی و مێردمندالآنی خوار هەژدە ساڵەوە بەتایبەتیی دەدەن.

ئەوانەی تەمەنیان لەناوەڕاستی سییەکان و بەرەوژوورتر بن خۆپیشاندانەکانی کوردستانیان لەیادە لەسەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوودا کە رژێمی بەعس و خەڵکی راپەڕیوو چۆن بەیەکدا هەڵدەشاخان، خۆشاردنەوەی خوێندکاران و هەڕەشەی بەعسییەکان و راوەدوونانی رێکخەرانی خۆپیشاندانەکانی ئەوساو ئێستا کەم تا زۆر لەیەکدەچن، تەنها ئەوە نەبێ دەسەڵاتی سیاسیی کوردیی لە سەردەمێکی تردا دەژیی و باس لە دیموکراسیی و سۆشیال دیموکراسیی و مافی مرۆڤ دەکات و میدیاش بەپێچەوانەوەی ویستی دەسەڵاتەوە لەژێر سایەی تەکنەلۆژیای نوێدا، هەواڵەکان بەزوویی بڵاو دەکاتەوەو وەک سەردەمی زوو ناشاردرێنەوە.

کوردستانی نوێ، زمانی فەرمیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان باسی گێزەی مێشوولەو چپەی خشۆکەکانی مۆزامبیکی کردووە! باسی خۆپیشاندانەکەی سلێمانیی نەکردووە. هەرچەندە کاری توندوتیژیی و هەڵسوکەوتی دزێو و ناشیرینیش لەناو خۆپیشاندانەکەدا هەبووبێ، ناکاتە ئەوەی گەنجی بێنازو خەڵکی برسیی و هەژارو کەمدەرامەتی کوردستان مافی رەوای خۆیان بەکار نەهێنن بە رژانە سەر شەقامەکان. بەڵام ئەو نهێنییە چییە وا لە دەسەڵات و نووسەران و قەڵەمبەدەستانی سەربەدەسەڵات دەکات باسی خۆپیشاندانەکانی تر بکەن و باسی شاری سلێمانیی نەکەن؟.

بێگومان یەکێتیی لەهەموو لایەن و کەسێک باشتر دەزانێ قورسایی سیاسیی شاری سلێمانیی چەندە، دڵنیاشە بە خۆکەڕکردن و باسنەکردنیشی شتێکی ئەوتۆ دروێنە ناکات کە بەرژەوەندی سیاسیی تێدا هەبێت. یەکێتیی لەوە پەستە کە سلێمانیی بۆچیی لەدەسەڵات پڕبووە؟ لەوە توورەیە کە سلێمانیی بەدڵی خۆی دەزانێ و کەچیی ئێستا لێی راستبووەتەوە.

لەکاتێکدا بەدرێژایی تەمەنی سلێمانیی کە کلیلی کردنەوەی ئومێدی هەموو کوردستان بووەو پێشەنگی هەموو راپەرین و هەڵچوونەکان بووە ئەوەی سەلماندووە کە هەرچییەکی بەسەردا تێپەڕ ببێ ستەم و چەوساندنەوەو پۆزلێدانی دەسەڵاتدارانی سیاسیی بەسەردا تێپەڕ نابێ. ئێستاش سەرکردایەتی یەکێتیی کە سیخناخ بووە لەگەندەڵیی چۆن دەتوانێ دەنگی بێزاریی دەیان هەزار کوڕوکاڵ و کیژانی ئەم شارە تاسەر کپ بکات؟ .

بڕیار نەبوو خەڵکی سلێمانیی خۆپیشاندان بکەن، تەنها بڕیاری ئەوە هەبوو کە مانگرتنێکی سەرتاسەریی لەشاردا رابگەیەنن و پەیامی نەخێر بدەن بەدەسەلات، بەڵام زەبری گورچکبڕی بێئاویی و بێکارەبایی و بێگوزەرانیی گوشاریان بۆ سەدان خەڵک هێنا بڕژێنە سەر شەقامەکان. ئەو جیاوازییە گەورەیەو ئەو شورا ئەستوورانەی بەرپرسان و دەسەڵاتداران خستوویانەتە نێوان خۆیان و جەماوەرەوە چیتر ناکرێ پشتگوێ بخرێ. کۆمەڵێ بەرپرسی سەرتاپا گەندەڵ و مشەخۆر لەسەر خوێنی قوربانیانی گەلی کوردستان ناکرێ درێژە بە خۆشگوزەرانییەکانیان بدەن و خەڵکیش زەقەی چاوی بێت.

حکومەتی هەرێمی کوردستان باس لەچارەسەرکردنی گەندەڵیی دەکات، ئایا کەسیتر هەیە گەندەڵیی بکات جگە لەو بەرپرس و فەرماندە تێکۆشەرە دێرینانەی سەردەمی شاخ کە ئێستا خۆیان وماڵومنداڵیان لەناو گەندەڵییدا نغرۆ بوونە. ئایا کەسیتر لەدەرەوەی سەرکردایەتی سیاسیی و پیاوانی دەسەڵاتی سیاسیی و لۆبییەکانی خۆیان هەیە، دەستیان بەسەر سامانی گەلی کوردستاندا گرتبێ ، لەکاتێکدا شەقڵی هەژاریی و دەوڵەمەندیی نێوان چینەکانی کوردستان رۆژبەرۆژ بەرینتر دەبێتەوە.

سەرۆکی شارەوانی سلێمانیی ئەگەر تنۆکێک ئازایەتیی سیاسیی تێدا هەبووایە پاش بڵاوبوونەوەی ئەو هەمووڕاپۆرتە هەواڵ و دەنگ هەڵبڕینەی خەڵکی شاری سلێمانیی، وازی لە پۆستەکەی خۆی دەهێنا ، دواتر ئەگەر خۆی بە گەندەڵ نەزانیایە دەیتوانی لەدەرەوەی دەسەلات و بەیاسا! و دادگا! و میدیا داکۆکیی لەخۆی بکردایە! نەک لەپەنای سەرۆکەکەیدا.

لەگەڵ هەموو ئەو قەبارە زۆرەی فایلی گەندەڵییشدا کەڕۆژ بەڕۆژ زۆرتری لەسەر ساغدەبێتەوە هێشتا ئەو هەر بەگژ قوللەکاندا دەچێتەوە. من بە دڵنیاییەوە دەڵێم هەرکەسێکی تر بووایە لە جێگەی ئەو و سەرۆکی هەر شارەوانییەکی تر بووایە لەم سەر زەمینە، زۆر جوامێرانەو مێرخاسانە دەستبەرداری ئەو پۆستە پڕ سەرەوەرییە دەبوو. بەڵام بۆچیی دەست هەڵناگرێ ؟ ئەوە سەرکردایەتی یەکێتیی لەهەموو کەس باشتر دەزانێ.

دەسەڵاتی سیاسیی کوردیی جگە لە دەسەڵاتی سیاسیی پارتیی و یەکێتیی، فۆرمێکی سیاسیی و یەکدەنگ و یەکگرتوو نییە، بەواتایەکی تر دەسەڵاتی سیاسیی کوردیی تەمتومانەو دەسەڵاتی سیاسیی حیزبیی هەمەکارەیە. بەشێکی بەرچاوی ئەندامانی سەرکردایەتی ئەم حیزبانە لەسەر کولتووری شۆڕشگێڕانەی دەیەکانی کۆتایی سەدەی بیستەم دەخۆن و ئەفسانەی شەهیدان و نەبەردە سەربارزییەکانی ئەوساشیان وەک داوڵ بەدەستەوەگرتووەو دەیدەنەوە بەچاوی خەڵکی برسیی و بێ خزمەتگوزاریی و بێکارەبادا. بەئاشکرا و بەنهێنییش مۆرە لەخەڵک دەکەن و ماڵێ خەڵکی کوردستان دەخۆن.

ئەگەر دەزگایەکی سەربەخۆو ئاکادیمی هەبووایە لەکوردستان و تەتەڵەی گەندەڵییەکانی بکردایە، لەچەشنی ترانسپێرنسی نێونەتەوەیی ( transparency International )، ئەوا گومانی تێدا نەبوو هەموو بەرپرسانی سیاسیی و حیزبی وەک کۆزەر سەرکۆز دەبوون. لەبەر ئەوەی لە سەرەوە بۆ خوارەوە هەموو دەزگا حیزبیی و حکومییەکان لەبەر گەندەڵیی ئیفلیج بوونە، هیچ ئومێدێکی ریفۆرم هەڵناکرێنرێ لەناو ئەم گەندەڵستانەدا.

ئەوە قسەکردن لەسەر گەندەڵیی سیاسیی هەر تابوویەکە، رۆڵەی دەوێ خۆی لێبدا. سەیرە فایلی پیاوە فایلدارەکانی ناو ریزەکانیان، خۆیان بەزنجیرە لە رۆژنامەی "هاوڵاتی" و سایتە کوردییەکاندا بڵاویاندەکردەوە، کەچیی هەمان ئەو دەموچاوانە ئێستا لەبەر زوومی کامێرادا و لە پاڵ سەرۆکی عێراق و سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە بیسکەی سمێڵیان دێت و قوربانییەکانی ئەنفال و گەرمیان و بارزانییەکانیش بەئۆخژنی گیانیان. ئاخۆ ئەگەر پارتیی و یەکێتیی گەندەڵییە سیاسییەکانی خۆیان چارەسەر نەکەن، دەکرێ بەم تێکۆشەرە دێرینانەو فایلدارە نوێیانەوە گەندەڵیی ئیداریی چارەسەر بکەن!

ئەو گەندەڵییە بێسەروبەرەیەی لە کوردستاندا هەیە، ئەو دزیی و چاوچنۆکییەی لەناو سەرکردایەتی هەردوو حیزبدا لەسەرەوە بۆ خوارەوە هەیە ، مەگەر تەنها لەمێژووی مرۆڤایەتییدا ، لە گەورەیی قەبارەو بارستەدا گەندەڵیی خەلیفەکانی ئەمەویی و عەباسییەکان شان لەشانی بدات. خەڵکی هەژارو کەمدەرامەت و بێگوزەران تا سەر لووتیان هاتووەو چیتر ملنادەن بەو ژیانەی کە کولبەیەک نەبێ بۆ کورِوکچە گەنجەکانیان ژیانی هاوسەریی تێدا بکەن، کارەبا و ئاویان نەبێت، کاریان نەبێت ، بازاڕ گرانیی بێت و مووچەش لەکەمترین ئاستی پێداویستییەکاندا بێت. لەولایشەوە خەلیفە ئەمەویی و عەباسییەکانی پارتیی و یەکێتیی کۆشک و ڤێلا بکەن بەئاسماندا و تەنها پاککردنەوەی یەک رۆژی ئۆتۆمبیلەکانیان خەرجی سەرلەبەری مانگانەی کۆشێ خێزانی گەرمیانییەکان بێت.

## دەستی خراپی لەپشتەوەیە

گومانی تێدا نییە یەکێتیی و پارتیی راست ناکەن لەگەڵ یەکتردا، پارتیی خۆشحاڵە بەوەی کە خۆپیشاندانەکان تا ئێستا ناوچەکانی دەسەڵاتی ئەوی نەگرتووەتەوە. بێگومان یەکێتییش خۆشحاڵ دەبێ ئەگەر بەزووترین کات خۆپیشاندان بۆ ناوچەکانی پارتیی بپەڕێتەوە. لەو باوەڕەدا نیم تەنها فاکتەر ئەوە بێت کەخەڵکی گەرمیان و سلێمانی و رانیە، کە خۆپیشاندان دەکەن ئاستی هۆشیارییان لە خەڵکی ناوچەکانی پارتیی باڵاتر بێت ، بەڵکوو رێژەو قەبارەی سەرکوتی ناوچەکانی پارتییە کە خەڵکی بێزار لەدەسەلات کەمتر دەتوانن دەنگی نارەزاییی بەرز بکەنەوە.

لەلایەکی ترەوە هیچ گومانی تێدا نییە ئیسلامییەکان تا بۆیان بکرێ ئەم هەلە دەقۆزنەوەو گەرای ئەجێنداکانی خۆیانی تێدا دەخەن و تەنانەت بۆی هەیە پەنا بۆ کاری تێرۆرستییش ببەن. هەروەها کۆمۆنیستەکانیش بەشوێن ئەجێندا سیاسییەکانی خۆیانەوەن و ئەمەش پایە سەرەکییەکانی دیموکراسییەو هەر کەس و لایەنێک ئازادە ئەسپی خۆی تێدا تاو بدات.

هەرچەندە هەندێ لە بانگەوازو بەیاننامەی کۆمۆنیست و چەپەکان بە بینی حەفتاکانی سەدەی رابردووەوە نووسراوەو هانی خەڵک دەدەن کە شۆرشی ئۆکتۆبەر لەبەردەرکی سەرادا براسێنن، ئەمەش بۆخۆی بەشێکە لە تەسکبینیی و میلیتانتیی و سەرگەردانیی، ئەگەر لەکورتماوەدا دەستکەوتیشیان هەبێت ، لە درێژماوەدا تاڵاوی دابڕانی زێتر و دوورەپەرێزی لەخەڵک باشتر دەنۆشن.
لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتی حیزبیی باوەڕی بە بنچینەکانی دیموکراسیی هەیە ، ئەوا دەبێ رێگە بە ئۆپۆزیسیۆنەکان بدات کە خۆپیشاندان رێکخبەن و ئازادبن لەوەی خەڵک دێننە سەرجادەکان. هەرچەندە ئۆپۆزیسیۆنبوون بەمانا سیاسیی و مۆراڵییەکەی لە کوردستاندا بوونی نییە.

ئەوە لە کام قوتابخانەی دیموکراسیی و کام بنکەی ئاکادیمییەوە، بەرپرسە گەندەڵەکانی کوردستان فێری ئەوەبوونە رێ لەخەڵک بگرن کە خۆپیشاندان نەکەن، بەبیانووی ئەوەی لەچوارچێوەی یاساکانی سەردەمی بەعس لادەدەن، لەبەرئەوە مۆڵەتیان پێنادرێ ە. ئاخر ئەم جەهالەتە سیاسییەی بەشێکی بەرچاوی بەرپرسانی سیاسیی کە بەدرمی گەندەڵیی ئالوودەبوونە، بە مێشکی کام نەخوێندەواردا دەچێ!.

لە وڵاتانی دیموکراتیکدا هیچ حکومەتێک بۆی نییە رێ لەخۆپیشاندان بگرێ و مۆڵەتی نەداتێ، جگە لە حکومەتە تۆتالیتارەکان و سەرتاپا گەندەڵەکاندا نەبێت، لەچەشنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەتایبەت ئەگەر خۆپیشاندانەکە دژی گەندەڵییەکانی حکومەت بێ، خۆ ئۆپۆزیسیۆن پەڕوباڵی حکومەت دەردێنێ ئەگەر جەهالەتێکی لەم چەشنە بکات. تەنها لە هەلومەرجی مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی، حکومەت مۆڵەت نادات. خۆ ناشێت لەڕووشیان بێت، بڵێن خۆپیشاندان

ئاساییشی هەرێمی کوردستان دەخاتە مەترسییەوە. لەکاتێکدا خۆپیشاندان سەرەتاییترین مافی تاکەکانەو کە خۆیان رێکبخەن و هێزی خۆیان لە یەکبوونیاندا ببیننەوە.

سەرەڕای هەندێ کاری چەتوون و لاساریی و ناشارستانیی لەنێو خۆپیشاندانەکاندا کە شایەنی سەرکۆنەکردنن و لێپێچینەوەی یاسایی هەڵدەگرن لەسەریان بکرێ، بەڵام تاوانبارانی سەرەکیی ئەوانەن کە تەقە لەخەڵکی بێچەک و سیڤیل دەکەن، گوللەی گەرم دەنێن بە هەناسەی ساردی خەڵکەوە، وەک بەعسییەکان فەرمان دەدەن رەشبگیر بکەن و خەڵک لەماڵەکاندا راپێچی زیندانەکان بکەن. ئەو رەشبگیرییەی لەچەند رۆژی رابردوودا لەسلێمانی و گەرمیان، بەرامبەر بە گەنجان و چەپەکان کراوە، شوبات و سەرەتای ئازاری 1991 ی سەردەمی بەعس دەهێنێتەوە یاد کە چۆن بەعس زۆرترین ژمارەی چەپەکانی ئاخنیبووە گرتووخانەکانەوە.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەبێت زۆر لەوە دڵنیابێت کە ئەو رەشبگیرییەی لە کوردستاندا کردوویەتی، سەرەڕای کوشتن و بریندارکردنی چەندین کەسی سیڤیل بەتەقەمەنیی، جگە لە شەرمەزاریی لەئاستی نێودەوڵەتییدا هیچ دەسکەوتێکی سیاسیی تری نابێت. ئەمجارەش دەسەڵاتی گەندەڵ و سەرکردەی گەندەڵ و وەزیری گەندەڵ سەدجار ئەوەیان سەلماندەوە دیموکراسیی و مافی مرۆڤ لەکوردستاندا لە درۆیەکی شاخدار زێتر شتێکی تر نییە. گەندەڵییش نەک هەر چارەسەر ناکرێ بەو کەچە رێفۆرمانەی ئەوان، بەڵکوو لە زاوزێیەکی بەردەوامدایە و ریفۆرمەکان و ریفۆرمخوازەکانیش گەندەڵن.